# مالوومێکی جولەکەکان هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: ئەی موحەمەد، ئێمە فێری ئەوە دەبین کە خودا ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک، وزەوییەکان لەسەر پەنجەیەک دادەنێت

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «مالوومێکی جولەکەکان هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: ئەی موحەمەد، ئێمە فێری ئەوە دەبین کە خودا ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک، وزەوییەکان لەسەر پەنجەیەک، وداڕەکان لەسەر پەنجەیەک، وئاوەکان (دەریا وڕووبارەکان) لەسەر پەنجەیەک، وخاک لەسەر پەنجەیەک، وهەموو بوونەوەرەکانی تر لەسەر پەنجەیەکی دادەنێت، ودەفەرموێت: من پادشام، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێکەنی هەتاوەکو دڕکەوت ئەمیش وەکو ڕاستدانانێک بۆ وتەی مالوومەکە، وپاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ}[الزمر: 67] واتە: {(کافران) خوایان نەناسیووە (بە گەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی لە ڕۆژی دواییدا هەموو زەوی لە چنگی ئەودایە (بە دەست خوایە)}»، ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «وشاخەکان وداڕەکان لەسەر پەنجەیەک، وپاشان دەیانهەژێنێت ودەفەرموێت: من پادشام، من (الله)م»، ولە گێڕانەوەی (البخاري)دا: «ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەک، وئاو (دەریا وڕووبارەکان) و خاک (خاکی سەر زەوی) دەخاتە سەر پەنجەیەک، وهەموو بوونەوەرەکانی تر دەخاتە سەر پەنجەیەک».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پیاوێک لە زانایانی جولەکەکان هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وباسی ئەوەی کرد کە لە کتێبەکانیان هاتووە کە خودا -سبحانه وتعالى- لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک وزەوییەکان لەسەر پەنجەیەک وداڕەکان لەسەر پەنجەیەک وخاک لەسەر پەنجەیەکی دادەنێت، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: ئاوەکان (ڕووبارەکان ودەریاکان) لەسەر پەنجەیەک وهەموو بوونەوەرەکانی تر لەسەر پەنجەیەکی دادەنێت، وخوای گەورە پەنجەی هەیە بەڵام وەکو پەنجەی بوونەوەرەکان نییە، وخوای گەورە هەندێک لە هێز وتوانای بێئەندازەی دەردەخات بۆیە دەیانهەژێنێت، ومووڵک ودەسەڵات وڕاگیرکاری بێسنوور؛ وهەقیقەتی خودایەتی -ئولوهیەتی- زاتی مەزنی ڕادەگەیەنێت. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاش قسەی ئەم مالوومە پێکەنی هەتاوەکو دڕکەوتن ئەمیش وەکو بەڕاستدانانێک بۆ هەواڵی مالوومەکە، وپاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ}[الزمر: 67] واتە: {(کافران) خوایان نەناسیووە (بە گەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی لە ڕۆژی دواییدا هەموو زەوی لە نێو چنگی (ئەودایە (لە نێو دەستی خودایە}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3386